# ئەگەر ئەو کەسەی لە پێش نوێژخوێنەوە دەڕوات بزانێت چی (تاوانێکی کردووە) ئەوا ئەگەر چل بوەستایە خێرتر بوو لەوەی لە پێش نوێژخوێنەکەوە بڕوات

لە بوسری کوڕی سەعیدەوە دەڵێت: زەیدی کوڕی خالیدی ئەلجوهەنی -ڕەزای خوای لێبێت- ئەوی نارد بۆ لای ئەبی جوهەیم؛ بۆئەوەی پرسیاری لێبکات سەبارەت بەوەی چی بیستووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە تێپەڕبوون لە پێش نوێژخوێندا؟ ئەبو جوهەیم ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «ئەگەر ئەو کەسەی لە پێش نوێژخوێنەوە دەڕوات بزانێت چی (تاوانێکی کردووە) ئەوا ئەگەر چل بوەستایە خێرتر بوو لەوەی لە پێش نوێژخوێنەکەوە بڕوات»، ئەبو نەزر دەڵێت: نازانم، فەرمووی: چل ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ؟

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە تێپەڕبوون لە پێش ئەو کەسەی نوێژی فەرز یان سونەت دەکات، ئەگەر ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات بە ئەنقەستەوە بزانێت تووشی چی تاوانێك بووە؛ ئەوا چل بوەستایە خێرتر بوو لەوەی لە پێش نوێژخوێنەکەوە بڕوات. ئەبو نەزر -گێڕەرەوەی فەرموودەکە- دەڵێت: نازانم، ئایا فەرمووی: چل ڕۆژ یان، چل مانگ، یان چل ساڵ.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/7191